# ئێوارەیەک وەک درێژکراوەی رۆحم
# پڕ چاوەڕوانی

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

ئێوارەیەکی تەنیا
وڵاتێک پڕ لە نائومێدی
وەک ئەوەی بیابان لە گەڵادا بنوێ
ئاو بۆ پشودان لم کۆبکاتەوە
من چاوەڕوانی دەمکوژێ
چاوەڕوانی باڵندەیەک
کە ئیتر بیر لە نیشتنەوە ناکاتەوە
کە ئیتر بە ئەندازەی فڕین
لە نیگەرانی رادەمێنێ
بە ئەندازەی نیگەرانی
خەیاڵم شەپۆڵ شەپۆڵ
لە باران رادەکا
دڵۆپ دڵۆپ
لە بێدەنگی دادەبەزێ
بێدەنگی
وەک درێژکراوەی چاوەڕوانی
بە مردنم دەسپێرێ
منیش ئەستێرە ئەستێرە
بە نیگایەکەوە دەهاتمەوە
کە ساڵەهایە ئەفسوون رەنگدەکا
بە نیگایەکەوە دەهاتمەوە
بە ئەندازەی نیشتیمان خەواڵوو

ئێوارەیەکی ماندوو
نیشتیمانێکی دیل
پڕ لە گێرانەوەی بێدەنگی
بێدەنگی
وەک درێژکراوەی ئاسمان

دەمداتە دەست بیابان
لەوێ لە سەیر کردنی مانگ
خەیاڵم تووشی باخچەیەک دەبوو
باخچەیەک لە سەر بەرماڵی حەقیقەت
درەختە مەستەکانی بە دوای خۆیدا
کێش دەکرد
باخچەیەک وەک دوودڵی بنووسێتەوە دەڵێ:
دەنگی ئاو حیکمەتی تیایە
دەنگی ئاو
باران  باران
هێڵ بە ژێر پیتەکانی ژیاندا دەهێنێ
باران  باران
لە ژێر گەڵادا بێهودەیی کۆدەکاتەوە

ئێوارەیەک
وەک درێژکراوەی رۆحم
پڕ چاوەڕوانی
وەک نیشتیمان
نائومێدی تا خەیاڵی مەرگی بەرێ َت
مەرگ
وەک باران تەڕیکات

ئێوارەیەک
وەک ئەوەی فێرتکا
بڕوا بە یادەوەری بهێنی
کتوپڕ دەکەوتمە سەر هەوای بیرکردنەوە
لە بەر دەم بیابان
ئەو وێنە خەوتووانەم بە نیگاوە هەڵدەواسی
کە باران
تا تاقیکردنەوەی مەرگ
بە سەریاندا نەدەفڕی
ئەو وێنانەی
کە ئاو تا سنووری پێکەنین
دەچووە گەروویانەوە

**ئێوارەیەک کە ڕۆحم کزەی دێ**
**لە چاوەڕوانی**

**ئێوارەیەک کە نائومێدی بە پێکێ**
**بانگم دەکا**

**ئێوارەیەک کە نیشتیمان**
**دادەبەزێتە نێو بازاڕ**
**لە شەڕی چاوەڕوانیدا**
**دیلم دەکاز**

**تەمموزی** 2002 **هەولێر**